تەمبور

ئازاد ئەرگوشی

زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی گوندەکان دەیانناسی، بەڵام کەس نەیدەزانی لە کوێوە هاتووە و خەڵکی کام گوند و کام شارە، ئەوەندەبێ دەیانزانی کوردە، هەرکەس بۆچوونێکی هەبوو، یەکێك دەیوت لە بەندیخانە هەڵاتووە، یەکێك دەیوت پیاوێکی کوشتووە، چەند ساڵە بە قاچاغی دەژی، لەو ماوەیەدا کوڕە تاقانەکە و هاوسەرەکەی لەشار بەجێ هێشتبوو، هاوسەر و کوڕەکەی دەگرن بۆ ئەوەی خۆی تەسلیم بکاتەوە، بەڵام ناچێتە ژێربار، تاکو ڕۆژێك هەواڵی نەمانی هاوسەر و کوڕەکەی پێدەگات، دەڵێن لەدوای نەمانی کوڕ و هاوسەرەکەی تفەنگەکەی دادەنێ و بەوپەڕی نائومێدی پەنابۆ تەمبورەکەی دەبات، بۆ ماوەی دووساڵ کەس گوێی لێ نەبووە قسەبکات، تەنها کارەکەی ئەوەبوو وەکو تەمبور ژەنێکی گەڕۆك لەوگوند بۆ ئەو گوند دەڕۆیشت، زۆرجار هەوڵی دەدا بەلێدانی ئاهەنگە خەمناکەکانی خۆی خەڵکەکە بباتە ناو دونیایەکی پڕ لە خەم و پەژارەی خۆیەوە، زۆرجاریش لەم کردەوەی خۆی پەشیمان دەبۆوە.

چونکە بە دەگمەن خەڵکەکە لەگەڵ ئاهەنگەکانی ڕێك دەکەوتن، زۆرجار بێزاری خەڵکی لە دەم وچاوەکانیان دەخوێندەوە، بەڵام کەس نەبوو لەبەرامبەر ئاهەنگەکانی شادی و شایی و زەماوەند خۆی ڕابگرێت، دەتگوت ئەم خەڵکە تەنیا بۆ هەڵپەڕکێ دروستکراون، هەرچەند بەم کارەی دەبووە هۆی شادی خەڵکەکە بەڵام لەودیوی شادی و هەڵپەڕکێ و چەپڵە ڕێزان دنیایەك نیگەرانی و دڵەڕاوکێ فەرمانڕەوایەتی دەکرد، هەندێك جار بەلای خۆیەوە دەیگوت: (باشە پیاوی باش ئەمە چ کارێکە دەیکەی بەدبەختی کەی جێگای پێکەنینە کە تۆ پێدەکەنی) بەڵام کاتێ چاوی بە پێکەنین و زەردەخەنەی منداڵەکان دەکەوت دەیگوت: (دڵنیام ئەوانە وەك من هەست بە بەدبەختی خۆیان ناکەن بۆیە ماف خۆیانە پێبکەنن، دوورنییە لە من بەدبەختتربن بەڵام هەر ئەوەندە کە دەتوانن سەرەڕای ئەو هەموو بەدبەختیانەی کە هەیانە لەودیوی پێکەنینەکانەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا هونەرێکی گەورەیە) هەمیشە بەم جۆرە قسانە دڵی خۆی دەدایەوە.

ڕۆژێك لەڕۆژان کە تازە گەیشتبووە سەر کانی گوندەکە، تەمبورەکەی لەلایەك دانا و دەستی کرد بە شوشتنی دەم و چاوی یەك دوو قوم ئاوی خواردەوە پاشان لەسەر لێواری کانیەکە دانیشت، ئەوەندەی پێنەچوو کۆمەڵێك منداڵ لەدەوری کۆبوونەوە و ئەویش تەمبورەکەی هەڵگرت و دەستی کرد بە ژەنینی، هەروا کە خەریکی ژەنین بوو منداڵێك سەرنجی ڕاکێشا کە هەوڵی دەدا لەناو بازنەی منداڵەکان شوێنی خۆی بکاتەوە، پیاوەکە هەر خەریکی ژەنینی تەمبورەکە بوو کاتێ کوڕەکە بەتەواوی لێی نزیك بۆوە دەستی لە ژەنین هەڵگرت، زەردەخەنەیەکی تاڵ لەسەر لێوی دەنیشت لەوەڵامی زەردەخەنەکەی بزەیەك هاتە سەر لێوی منداڵەکە لێوی هەردووکیان زەردەخەنە بوون، زەردەخەنەی یەکەم پڕبوو لە خەم و پەژارە و بەدبەختی ئەوەی تر پڕبوو لە پاکی، کوڕەکە تەمەنی پێچ شەش ساڵان بوو، کاتێ زەردەخەنەی پیاوەکەی بینی کەمێکی تر لێی چووە پێشەوە دەستی درێژکرد بۆ تەمبورەکە و یەك دووجار سەرە

www.kurdistannet.org
05/03/2003 12:48

پەنجە ناسکەکانی لە ژێیەکانیدا، کاتێ پیاوەکە گوێی لە دەنگی تەمبورەکە بوو سەری سوڕما چونکە ئەو کاتە بەبیری هاتەوە بۆ یەکەم جار کوڕەکەی دەستی لە تارەکەدا هەمان ئەو دەنگەی لێ هاتبوو نەیدەزانی نهێنی ئەو لێکچوونە چییە، نهێنیەکە تا مردن بەردەوام بوو، بەلای خۆیەوە وتی دوورنییە ئەمە ڕێکەوت بێت، بەڵام ئەی کوڕەکە؟ چونکە زۆر بە کوڕەکەم دەچێت، بەتایبەتی چاوەکانی، تەمبورەکەی لە کوڕەکە نزیك کردەوە و وتی: حەزی لێدەکەی؟ کوڕەکە بەهەمان زەردەخەنە پاشەکشەی کرد و ڕۆیشت، منداڵەکان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە درێژە بە ژەنینی تەمبورەکە بدات، بەڵام سەر و دڵی گیرابوو. تاقەتی نەمابوو. دەیویست پەنا بۆ شوێنێکی کڕ و بێدەنگ ببات، بەلای خۆیەوە وتی باشترین شوێن گۆڕستانە، هەربۆیەش بەبێ ئەوەی سەرنج بداتە منداڵەکان بەرەو گۆڕستانەکە بەڕێکەوت، کاتێ گەیشتە ناو گۆڕستانەکە لەژێر درەختێکی قەزوان دانیشت، پاڵی دایە درەختەکە، دەستی بردە گیرفانی وێنەی کوڕەکەی دەرهێنا لە کاتێکدا فرمێسك لەچاوەکانی دەهاتنە خوارەوە، دەیوت: (خوای گەورە چ لێکچونێکی سەیرە چاوەکانی وەك چاوەکانی تۆن کوڕم، بشکێ ئەو دەستەی کە ڕووناکی چاوەکانتی کوژاندەوە) تەماشای دەوروبەری خۆی کرد، بێدەنگییەکی سەیر گشت گۆڕستانی داگرتبوو، بێدەنگییەکی ترسناك بوو، دەستی بۆ تەمبورەکەی برد و دەستێکی پێداهێنا د ەتگوت خەریکی نەوازشت کردنی منداڵێکی خنجیلانەیە.

وەبیری هاتەوە ئەو کاتەی کە منداڵ بوو دایکی پێ دەگوت: (نابێ هاتووچۆی قەبرستان بکەیت، نابێ پێ لەسەر گۆڕەکان دابنێی مردووەکان زویر دەبن، نابێ لە گۆڕستان یاری بکەیت چونکە گوناهە) بەلای خۆیەوە وتی یاری کردن گوناهە ئەی ژەنینی تەمبور؟ ماوەیەك خەریکی بیرکردنەوەبوو دووسێ جار تارەکەی سەرە و ژێکرد و تەماشای گۆڕستانەکەی کرد لەو بێدەنگییەدا هەستی کرد مردووەکان خەریکن تەماشای دەکەن، دەتگوت پێی دەڵێن (چاوەڕێی چی دەکەی بۆ کۆتایی بەم بێدەنگییە ناهێنی، دڵمان تەقی، چاوەڕێی چیت؟ ماوەیەکە بێجگە لە دەنگی فاتیحە و گریانی کەس و کاری خۆمان گوێمان لەهیچ نەبووە)

سکی بە خەڵکی گۆڕستانەکە سوتا بە پێچەوانەی حەزی دەستی کرد بە لێدانی ئاهەنگێکی شاد هەرچەند لە دەروونەوە وەك بەفر لە خەم و پەژارە دەتوایەوە، بەڵام لەوەی کە خەریك بوو دڵی خەڵکی گۆڕستانەکەی شاد دەکرد پڕ بە دڵ خۆشحاڵبوو، پاش ماوەیەك تەمبورەکەی بەلایەکەوە نا و خۆی درێژکرد چاوەکانی داخست، ئەوەندەی پێنەچوو خەوی لێکەوت، ئەمە یەکەم جار بوو ئەوەندە زوو خەوی لێبکەوێ، کاتێك لەخەو هەڵسا ئێوارەبوو وورده وورده تاریکی دادەهات هەستی بە خۆشحاڵی دەکرد، خەنی ببوو، بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە کە نەیدەزانی هۆی چییە، گۆڕستانی بەجێهێشت، برسی بوو، هەستی برسییەتی بەرەو گوندەکەی ڕاکێشا لە خواردن هیچ گرفتێکی نەبوو هەر ماڵێکی شتێکی پێدابا بۆ خواردن دەیگوت بەزیادبێت بەڵام ئەمجارە حەزی لێ بوو بزانێ ماڵی منداڵەکە لە کوێیە هەرچەند هیچ شەوێك نەبووە بۆ نووستن لە ماڵێکدا بمێنێتەوە شوێنی نووستنی لە مزگەوت بوو، هەر

کاتێ خەڵکی گوندەکە لێی دەپاڕانەوە کە شەو لە ماڵەکانیان بمێنێتەوە دەیگوت: (ئەگەر دەتانەوێ ئاسوودەبم وازم لێ بێنن من لە مزگەوت ئاسوودەترم) هەرچەندە قسەی هەمیشە خەڵکی گوندەکە ئەوەبوو کە گوناهە لە مزگەوت بنووی بەتایبەتی کە تۆ موتربی ماڤ ئەوەت نییە لە مزگەوت بنووی نابێ لە مزگەوت تەمبور بژەنی.

مامۆستای مزگەوتەکە پێی دەگوت: (بۆت نییە لە مزگەوت تار ژەنی بکەیت، مەگەر لەخوا ناترسێی؟ مەگەر مزگەوت شوێنی ساز و دەهۆڵە؟) تەنیا وەڵامەکەی ئەوە بوو ئەویش بەبێ ئەوەی مامۆستا گوێی لێ بێ دیگوت: (مامۆستا تۆبە عەرەبی خواپەرستی دەکەیت من بە کوردی) سەرەڕای ئەوەی مامۆستا پێی خراپ نەبو گوێی بۆ تەمبورەکەی شل بکات.

بەتایبەتی دوای نوێژی بەیانی، هاوکات لەگەڵ ڕۆژهەڵاتن، تەنانەت ڕۆژێك لە ڕۆژان سەرلەبەیانی حاجی کەریم بینی بووی کە مامۆستا چۆن چۆنی گوێی بۆ ئاهەنگە خەمناکەکەی تەمبوورەکە شل کردووە، فرمێسکی دەباراند کە حاجی کەریم بە مامۆستا دەڵێ: (دەست خۆش مامۆستا ئەتۆش؟ چۆن مۆڵەت بەم کابرایە دەدەی، ئەمە تاوانێکی گەورەیە لەهەموویان خراپتر جەنابی مامۆستاش گوێی بۆی شل کردووە فرمێسکی بۆ دادەبارێنێ) ، دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ئەم ڕووداوە شەوێك لەشەوەکانی زستان مامۆستا بە حاجی کەریم دەڵێ: (حاجی کەریم بەینی خۆمان بێ لێت ناشارمەوە من نزیکەی (٤٠ ساڵە) بۆ خوای گەورە پاڕاومەتەوە و فرمێسکم ڕشتووە بەڵام هەست دەکەم ئەو فرمێسکانەی لە کاتی گوێگرتنی تەمبوورەکە ڕشتوومە جیاوازییەکی زۆریان هەبوو نازانم لەبەرچی بەڵام لە یەك شت زۆر دڵنیام ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕۆژ خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، چونکە بەهەموو بونێکمەوە لەگەڵ خۆم ڕاست بوومە) هەرچەند دوای ڕووداوی ئەوڕۆژە، مامۆستا چیتر نەهێشت لە مزگەوت خەریکی تەمبور ژەنین بێت ئەویش بەڵێنی بە مامۆستاکە دابوو تەنیا لەناو حەوشی مزگەوتەکە بێت، لەکاتی گەڕانەوە بۆ گوندەکە دەیویست یەك ڕاست بڕواتە مزگەوتەکە، دڵی توند ببوو هەوای کوڕ و هاوسەرەکەی لەسەریدابوو دەیزانی نابێ لە مزگەوت دەست لە تەمبورەکە بدات.

کاتێ خەڵکی گوند دەیانزانی لەمزگەوتە هەر کەس بەڵای خۆیەوە خواردنی بۆ دەبرد، سەرەڕای سەرزەنشت کردنیان کە نابێ لە مزگەوت تەمبور بژەنێ، زۆرجار خواردنی زیادەی دەکردە تووشەی ڕێگا، بە دەگمەن دوو شەو لەگوندێك ماوەتەوە، بەڵام بەدیتنی ئەو دووچاوی پڕ لە پاکی ئارەزووی ڕۆیشتنی نەبوو، دەیویست خاوەنی ئەم دووچاوە باشتر بناسێ، ڕۆژی پاشتر نزیکەی ئێوارە چووە سەرکانی گوندەکە لەکاتی شوشتنی دەم و چاوی چاوی بە روخساری کوڕەکە کەوت کە لەناو شەپۆڵەکانی ئاوی کانیەکە بەرز و نزم دەبۆوە، ئاوری دایەوە خۆی بوو، بەدیتنی زەردەخەنەیەك هاتە سەر لێوەکانی و گوتی: ناوت چییە؟ کوڕەکە گوتی: ئاسۆ . ئاسۆ ناوێکی جوانە وەکو خۆت، پاشان لەسەر لێواری کانیەکە دانیشت چاوی بڕییە ناو چاوەکانی ئاسۆ و دەستی کرد بە ژەنینی تەمبورەکە ئاسۆ گوتی: ئەوە لەشارت هێناوە.

www.kurdistannet.org
05/03/2003 12:48

پیاو گوتی: بەڵێ.

ئاسۆ: هەر کاتێ گەورە بووم بەباوکم دەڵێم دانەیەکم بۆ بێنێ، پاش ماوەیەك پیاوەکە تەمبورەکەی دایە دەست ئاسو و گوتی: دەی بزانم دەتوانی بیژەنی؟ ئاسۆ پەنجە ناسکەکانی بە تارەکەدا هێنا دووبارە هەمان دەنگ؟ ئەو دەنگەی کە بۆ یەکەم جار کورەکەی پەنجەی لە تارەکانی تەمبوورەکە دابوو، لەبەرامبەر ئاسۆ کەوتە سەرچۆك بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە چاوی بڕیبووە چاوەکانی ئاسۆ بە گریانەوە گوتی: دەتەوێ یەکێکی ئەوهات هەبێ؟ بەڵام ئاسۆ بەبێ ئەوەی سەرنج بداتە پرسیارەکەی گوتی: تۆ دەگریێ!؟ باوکم دەڵێ پیاو نابێ بگریێ، پیاوەکە کە گوێی لەم قسەیە بوو بە پێکەنینەوە فرمێسکەکانی پاك کردەوە گوتی: باوکت ڕاست دەڵێ پیاو نابێ بگرییێ من دەبێ بڕۆم تۆش بڕۆ ماڵەوە تا دنیا تاریك نەبووە.

پیاوەکە بەبێ ئاوڕ دانەوە بەرەو ڕۆژئاوا کەوتەڕێ نەیدەزانی بۆ کوێ دەڕوات هەرچەند دڵنیابوو کە نابێ شەو لە گوندەکە بمێنێتەوە، خەڵکەکە بەم هاتوو چووە سەیر سەمەرانەی ڕاهاتبوون ئەگەر لە پرێکا وون دەبوو یاخود دەگەڕایەوە پێیان سەیر نەبوو کەس لێی نەدەپرسی لەکوێ بووی؟ یان بۆ کوێ چووی؟ یاخود بۆ زوو ڕۆیشتی، بۆ زوو گەڕایتەوە؟ کاتێك بڕیاری دەدا بڕوات ئیتر حیسابی ئەم شتانەی نەدەکرد شەو لەهەر کوێیەك با کە دەیتوانی پیشوویێك بدات جیاوازی بەینی ئاوەدانی و گۆڕستان نەبوو. هەرکاتێك هەستی بە ماندووبوون دەکرد لەهەر شوێنێك کە بە پێویستی دەزانی دەمایەوە، بەڵام لەوەتەی تفەنگەکەی داناوە بەباشی دەزانی بۆ حەسانەوە پەنا بۆ نزیکترین گۆڕستان ببات، هەمیشە لە گۆڕستان خۆی بە ژەنینی سروودی شۆڕشگێڕی خەریك دەکرد هەندێك جار لەکاتی وتنی سروودەکان بەجۆرێ تووشی هەیەجان دەبوو کە ئاگای لەخۆی نەدەما بەجۆرێ پەنجەی لەتارەکان دەدا کە زۆربەی جار سەرەپەنجەکانی لەخوێن سوور دەبوون.

زۆرجاریش تەمبوورەکەی فڕێ دەدا، هەڵدەستایەوە سەرپێ بەهەموو هێز و توانایەوە هاواری دەکرد و دەیگوت: (ئەی ئەمە بۆ کێ دەناڵێنێ، هەستن، هەستن وا خەریکە ئەم وڵاتە لەدەست چاوەڕوانی، وێران دەبێ، باشە تاکەی چاوەڕوان بێت) پاشان بەو پەڕی نائومێدی دەستی بە گریان دەکرد.

ئەو شەوە لەڕێگادا تووشی گۆڕستانێك دەبێت، لەژێر ڕووناکی مانگ بەدوای گۆڕێکدا دەگەڕا کە خاوەنەکەی لەمێژ نەبێت ناشتبیان چونکە دایکی هەمیشە دەیگوت: (مرۆڤ تا یەك هەفتە تێپەڕبوون بەسەر مردنی دەتوانێ ئەوەی لە دەوروبەری گۆڕەکەی ڕوودەدات گوێی لێ بێ) ، ئەوەندەی پێنەچوو گۆڕێکی بینی دەبێت کە دیاربوو خاوەنەکەی ڕۆژێك زیاتر نەبوو ناشتبوویان، تەمبوورەکەی بەلایەکەوە دادەنێ و شوێنی خۆی لەتەك گۆڕەکە ڕێك دەخات و پاشان لەتەك گۆڕەکە ڕادەکشێ لە ئەستێرەکانی ئاسمان وورد دەبێتەوە هەرگیز ئاسمانی بەو جوانییە نەبینی بوو تەنها شەوێك نەبێت، ئەو شەویش ئاسمان ئەوها جوان بوو، بەڵام هێشتا مانگ هەڵنەهاتبوو باشی لەبیرە کە بە برادەرەکەی وت: سمکۆ ئەم شەو خوا داویە لەگەڵ هەڵاتنی مانگ لەژێر ڕووناکی مانگە شەو دابنیشێ و چەند هۆنراوەیەك بنووسی،

پێش ئەوەی سمکۆ وەڵام بداتەوە خۆی و هەڤاڵەکانی کەوتنە بەردەسترێژی گوللەی دوژمن و شەوە جوانەکەیان لێ تێکدا ئەو شەوە لەگەڵ کوژرانی سمکۆ مانگ لەودیوی چیا سەرکەشەکان بەدەرکەوت، هەر کاتێ چاوی بەم دیمەنە سروشتییە دەکەوێ سمکۆی وەبیر دێتەوە، چونکە مردنی سمکۆ هاوکات بوو لەگەڵ هەڵاتنی مانگ، ئەوەی لەهەموو شتێك زیاتر ڕەنجی دەدا وبێ ئۆقرەی دەکرد ئەوەبوو کە هەمیشە ئەی وت خەڵك لەژێر ڕووناکی مانگەشەو مرۆڤایەتی و هونەرو جوانی دەخوڵقێنن ئێمەش خوێن ڕشتن، ئەویش خوێنی برای خۆمان. . !! هەرئەم کارەساتە بوو کە نەیدەهێشت بە دیتنی ئاسمانی پاك و بێگەرد هەست بە خۆشی بکات، بۆ ئاسمانی ساف و بێگەردی شەوان برینی دەکولانەوە. دڵی توند بوو، قورگی پڕبوو لە گریان، چاوی بڕیبووە مانگەشەو هەستی کرد ڕوخساری ئاسۆ لەگەڵ ڕوخساری مانگ تێکەڵ بووە و زەردەخەیەکی منداڵانە لەسەر لێوی بوو تەماشای دەکرد، خێرا لە شوێنی خۆی هەڵساو دەستی بردە گیرفانی و وێنەی کوڕەکەی دەرهێنا لەژێر ڕووناکی مانگەشەو تەماشای کرد، ویستی بەراوردی بکات لەگەڵ ڕوخساری ئاسۆ بەڵام کاتی تەماشای مانگەکەی کرد هیچ شتێك نەمابوو، دووسێ جار دووبارەی کردەوە، بەڵام بێ سوود بوو، وێنەکەی ماچ کرد و لەناو گیرفانی نایەوە، دیسان لە شوێنی خۆی ڕاکشا ئەم جارە تەمبورەکەی خستە باوەشی و چاوەکانی داخست، ماندووبوو، ویستی بخەوێ بەڵام هەستی بە خشپە خشپێك کرد، سەر بەرز کردەوە، هەستی کرد کەسێك بەرەو ڕووی دێت، بەهەڵەدانەچووبوو گورگێك بوو، هەر لە دوورەوە هەڕشەی لێدەکرد، ددانە تیژەکانی لێ بەدەرخست، پیاوەکە لە ترسا تەمبوورەکەی بەرزکردەوە بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆی بکات بەڵام بەم کارە گورگەکە هارتر بوو، بۆیە زۆر لەسەرەخۆ و هێدی. . هێدی تەمبورەکەی هێنایە خوارەوە زۆر بەهێمنی دەستی کرد بە ژەنینی تەمبوورەکە، چاوی بڕیە ناو چاوەکانی گورگەکە کە پڕبوون لە دڕندەیی، تینوی خوێن مژین بوون، دوای ماوەیەك لەژەنینی تەمبوورەکە هەستی کرد هێور دەبێتەوە بەجۆرێك کە گورگەکە لەسەر پەنجەکانی دانیشت، کاتێ پیاوەکە لەژەنین وەستا گورگەکە لورەیەکی کرد، کە زیاتر لە ناڵەی مرۆڤێکی بەلەنگاز دەچوو تا ناڵەی گورگ، دەتوت پێی دەڵێ (بژەنە، بژەنە، کە من لەتۆ جەرگ سوتاوتر و قوڕبەسەرترم) دیسان دەستی کرد بە ژەنین، زۆری پێنەچوو گورگەکە بەچاوی پڕ لە فرمێسك لێی دوور کەوتەوە کاتێ دەستی لە لێدانی تەمبورەکە هەڵگرت گورگەکە ئاوڕێکی دایەوە چاوەکانی پڕ بوون لە سۆز و میهرەبانی، پیاوەکە تەمبورەکەی ماچ کرد و گوتی: (دەبینی تۆ بەم دەنگەت دڵی گورگت نەرم کرد، چاوەکانیت پڕکرد لە خۆشەویستی، بەڵام ئەم خەڵکە هەرگیز لەزمانی تۆ نەگەیشتن) نەیدەزانی لە شوێنێکی خوێندبۆوە یا لە کەسێ گوێی لێببوو کە دەڵێن (دڵی نوستوو بە ئاگادێتەوە بەڵام دڵی مردوو هەرگیز) کێ دەزانێ ڕەنگە ئەم خەڵکەش دڵیان مردبێت، لەبەرئەوەیە کە لە زمانەکەی ناگەن، دووبارە تەمبوورەکەی خستە باوەشی و لە شوێنی خۆی ڕاکشا.

ئەوەندەی پێنەچوو خەوی لێکەوت، لەخەونا بەدوای هاوسەر و کوڕەکەیدا وێڵ بوو، ئەویش لەگەڵییەکەی پڕ لە دار چنار کە لەبەر بۆنی خۆشی گوڵی کێوی سەرمەست ببوو، دەتگوت ژوانی هەیە،

هەرچەند شوێنی ژوانگەی دیارنەبوو، هەروا کە بەسەرگەردانی دەسوڕایەوە چاوی بە ڕووناکییەکی شین کەوت کە لەژێر پیرە دارچنارێکدا دەدەرەشایەوە بەپەلە خۆی گەیاندە ژێر درەختەکە، لەژێر ڕووناکیە شینەکە، مێزێك و سێ کورسی بەڕەنگی سوور دانرابوون، هاوسەرەکەی بەجل و بەرگێکی سپی دانیشتبوو، پیاوەکە زۆر بە هێمنی لێی نزیك بووە، چاوی بڕییە چاوەکانی هاوسەرەکەی، هاوسەرەکەی بە دەنگێکی ووشکەوە گوتی: سەرئەنجام هاتی پیاوەکە خۆی لەمێزکە نزیك کردەوە، لەبەرامبەری دانیشت زۆر بە هێمنی تەمبورەکەی لەسەر مێزەکەدانا و گوتی: (لەمێژە چاوەڕوانی) ئافرەتەکە وتی: ئەی تفەنگەکەت، پیاوەکە بەهێمنی وتی: (دوای ڕۆیشتنی ئێوە تفەنگەکەم دانا و ئەمەم هەڵبژارد) ، ئافرەتەکە بەبێ دەنگی تەماشای پیاوەکەی دەکات پاشان دەست دەبات بۆ تەمبورەکە و هەڵیدەگرێ و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ پیاوەکە لەو ساتەدا تەنیا وەکو منداڵ دەگریا و دەپاڕایەوە وەرە تەمبورەکەم بۆ کوێ دەبەی، من بە تەنیایی چی بکەم؟ چی بکەم. . ؟ لەو پاڕانەوە و گریانەدا بوو کە لەخەو ڕاپەڕی، ڕوخساری لە فرمێسك پڕببوو، بەڕاستی گریابوو، ڕوومەتی سڕیەوە، دەستی بۆ تەمبورەکەی برد، دەیویست لە مانەکەی دڵنیابێت، پەنجەیەکی لە تارەکاندا دەنگی بەرز بۆوە، ئیتر دڵنیابوو ئەوەی بینی خەون بوو، خۆشحاڵ بوو، بەڵام کاتێ وەبیری هاتەوە، کوڕەکەی لەخەونا نەبینیبوو، چۆن بوو کە پرسیاری نەکرد؟ زۆری حەزدەکرد کە دووبارە بخەوێ بەڵام ئیتر خەوی نەدەهات، دنیا وردەوردە ڕووناك دەبۆوە، هەستی کرد برسیەتی، چەند لەتە نانێکی ووشکی لە تورەگەکەی دەرهێنا و خواردی، پاشان بەوپەڕی نائومێدی بەڕێکەوت، پاش ماوەیەکی دوور و درێژ دوورکەوتنەوەی لەشار، بۆ یەکەم جار هەستی کرد غەریبی شاری کردووە، هەرچەند نەیدەزانی لەبەرچی، هەستی کرد لەوێ کەسێك دەبینێ کە بەلایەوە زۆر گرنگە، بەڵام کێیە؟ کەی؟ چۆن؟ ئەمانە هەموویان پرسیاری بێ وەڵام بوون، لەمێشکیدا هەڵدەقوڵان چاوەڕوانی وەڵام نەبوو، گرنگ ئەوەبوو بڕواتە شار، ماوەیەك لەناو شار وێڵ و سەرگەردان بوو، بەڕۆژ لە شەقام و کوچە و کۆڵانەکانی شاردا دەسوڕایەوە شەوانیش لە پیادەڕۆکان دەنووست، ڕۆژێك لەگەڵ گەزنگی بەیانی لەخەو هەڵستا، زۆر بێ ئۆقرە و نا ئارام بوو، قوڕگی پڕ ببوو لە گریان هەستی بە دڵەڕاوکێ دەکرد، دەتگوت چاوەڕوانی کارەساتێکە، نزیك بەرە بەیانی بوو کە یەکێك لە شەقامەکانی شار پڕببوو لە خەڵك، کە لەهەردوولای شەقامەکە کۆمەڵێك خەڵکی تۆڕە وەستابوون، کە هەر کامەیان پەلکە شفتی و تەماتە و هێلکەیان بەدەستەوە بوو، هەموویان ئامادەی هێرشکردن بوون، پیاوکە تەماشای تەمبورەکەی کرد و گوتی: تۆ بڵێی ئەم خەڵکە ...!! حەزدەکەم بڕوا بکەم بەڵام. . لەو کاتەدا غەڵبەغەڵبێك لەناو خەڵکەکە دەستی پێکرد، هەموویان ئامادەی هێرش کردن بوون، ئەوەندەی پێنەچوو چەند ئۆتۆمبێلێك لەخەڵکەکە نزیك بوونەوە، بە گەیشتنی ئۆتۆمبێلەکان خەڵکەکە دەستیان کرد بە فرێدانی پەلکە شفتی و تەماتە و هێلکە، کە بینی کۆمەڵێك ژن و منداڵ لەناو ئۆتۆمبێلەکەدان بەناوی خۆ فرۆش تەماتە باران و هێلکەباران دەکرێن، پیاوەکە بەرگەی ئەم دیمەنەی نەگرت بۆیە وەك شێتان کەوتە پاڕانەوە و هاوارکردن لەسەر خەڵکەکە بەڵکو دەست لەم کارەیان هەڵگرن، بەڵام بێ سوود

www.kurdistannet.org
05/03/2003 12:48

بوو ئەویش لەرِق و قینی خەڵکەکە بێ بەش نەبوو کاتێك دوایین ئۆتۆمبێل تێپەرِی چاوی بە ئاسۆ کەوت، کە چاوەکانی پرِبوون لەترس و فرمێسك، تەماشای خەڵکەکەی دەکرد بەبێ ئەوەی بزانی چی دەکات، خۆی گەیاندە ئۆتۆمبێلەکە و یستی خۆی هەڵداتە ناوی، بەڵام پیاوێکی باڵا بەرزی سمێڵ گەورە پشتی ملی گرت و فرِێیدایە دواوە، بە پێکەنینێکی شەیتانی دەیگوت: (دەتەوێ بچیە دۆزەخ گەوجەی بێ مێشك) بەڵام گوێی لە قسەکانی نەگرت و دیسان هەوڵیدا خۆی لە ئۆتۆمبێلەکە نزیك بکاتەوە، لەو کاتەدا چاوی برِیبووە ناو چاوەکانی ئاسۆ، هێلکەیەکی پیس دەموچاوی ئاسۆی داپۆشی، ئاسۆ بە گریانەوە بە دەست و پەنجە ناسکەکانی دەموچاوی پاك دەکردەوە، هەموو خەڵکەکە پێدەکەنین تەنها خۆی نەبێت.

کاتێ سەیارەکان تێپەرِین خەڵکەکە هەرکەس بەلایەکدا چوون، پیاوە سمێڵ گەورەکە خۆی لێ نزیك کردەوە، بە گاڵتە جارِیەوە بەهەمان پێکەنینە شەیتانیەکەیەوە گوتی: (تۆ بۆ خۆت خەریکی تەمبورەکەت بەئەمانە کۆمەڵێك خۆ فرۆشن، با لە کۆڵمان ببنەوە!!) ، بەم قسەیە زۆر دلگران بوو، ئارەزووی مردنی دەکرد، لەناوەوە دارِمابوو جۆکەکانی دەلەرزین، خەریکبوو لە خەم و پەژارە دەتوایەوە، بەدرێژایی تەمەنی تەنیا یەکجار تووشی ئەم حاڵەتە ببوو ئەویش لەساڵی ١٩٧٩، ئەمە دووەم جاربوو، کە تاڵترین ساتەکانی ژیانی بوو، بۆیە بەڵێنیدا چیتر نەگەرِێتەوە شار، لەشوێنی خۆی هەڵستا و تەمبورەکەی هەڵگرت پاشان بەهەموو توانایەکەوە دەستی کرد بە ژەنینی تەمبورەکەی ئاهەنگەکە ئەوەندە خەمناك بوو کەبەردی دەتواندەوە، لەکاتی ژەنینی ئاگای لەخۆی نەمابوو، سەرمەست پەنجەکانی لەتارەکە دەدا و فرمێسکی دەباراند تا هەستی کرد کەسێك دەستی لەسەر شانی دانا، ئاورِی دایەوە، پیرەمێردێك بوو، پیرەمێردەکە بەدەنگێکی کزەوە گوتی: (کورِم لەوڵاتێکدا کە نرخی گوللە زیاتربێت لە نرخی قەڵەم، خەڵکەکەی لەمە باشتر نابن) ، پاشان دەستی بۆ تەمبورەکە درێژکرد و گوتی: (پێویستە مرۆڤ دڵی زیندوو بێت تا لە زمانی ئەمە بگات، ئەوەی بەدەست ناکەوێ دڵی زیندووە) ، پاشان بەبێ ئەوەی چاورِێی وەڵام بێت رِۆیشت، پیاوەکە بەچاوی پرِ لەخۆشەویستی تەماشای رِۆیشتنی پیرەمێردەکەی دەکرد.

کاتێ پیرەمێردەکە لەبەر چاوەکانی وون بوو، بەبێ ئەوەی بزانێ بۆ کوێ دەرِوات شارەکەی بەجێهێشت.

هەرچەند لە شارەکە دووردەکەوتەوە زیاتر هەستی بە هێمنی دەکرد، دەتگوت لەدۆزەخ رِادەکات، قورِگی ووشك ببوو، ئارەزووی دەکرد قومە ئاوێك هەبوایە.

تاریکی داهاتبوو، هەروا خەریکی رِۆیشتن بوو تاکو لە دوورەوە چاوی بە تروسکاییەکی ئاگر کەوت بەلای خۆیەوە گوتی دوور نییە ئاگری شوانان بێت، کاتێ خۆی گەیاندە رِووناکییەکە، تازە زانی کە تروسکاییەکە رِووناکی فانۆسی ئاشەوانەکە بووە، چەند ساڵ لەمەوبەر بۆ دابینکردنی چەند نانێك رِووی کردبووە ئەم ئاشە، ئاشەوان ئەوەی هەیبوو پێی بەخشی بوو، چاك لە یادیەتی کە ئاشەوانەکە بەچاوی پرِ لە فرمێسکەوە تفەنگەکەی ماچ کرد. . ! کاتێ دەرگای ئاشەکەی کردەوە پیرە ئاشەوانەکە

www.kurdistannet.org
05/03/2003 12:48

تەماشای دەرگاکەی کرد کاتێ لە دەرازینی دەرگاکە چاوی بە پیاوەکە کەوت، لە شوێنی خۆی هەڵسا بەچاوی پڕ لە ئەزمونەوە تەماشای کرد و زەردەخەنەیەکی تاڵ هاتە سەر لێوی پاشان یەك دووجار سەری باداو دوای هەڵکێشانی ئاخێك لەژێر لێوەوە گوتی: خۆی هەموو کەس نابێتە ئەو هەتا مرد خەنجەرەکەی لەبەر پشت بێنی بوو. . پاشان ڕووی کردە پیاوەکە و گۆتی: (تۆ هێشتا ماوی؟ سەیرە تۆیان نەگرتووە لەکوێ خۆت حەشاردابوو) پیاوەکە بەبێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، تەمبورەکەی بەلایەکەوە دانا و دانیشت، ئەوەندە ماندوو ببوو کە توانای قسەکردنی نەمابوو، تەنیا لەژێر لێوەوە گوتی: (تینومە. . تینۆ. .) پیرە ئاشەوانەکە مەتارەیەکی پڕ لەئاوی دایە دەست، ئەویش بەخێرای مەتارەکەی بەرزکردەوە زیاتر لە نیوەی ئاوەکەی خواردەوە، پاشان کە چاوەکانی هەڵێنا چاوی بڕیە مەتارەکە هەستی کرد مەتارەکەی لەشوێنێك بینیوە، کاتێ زیاتر لێی وورد بووەوە زانی بە هەڵەدا نەچووە مەتارەکە هی خۆیەتی، سەردەمێك پێش دانانی تفەنگەکەی ڕۆژێك تووشی کۆمەڵێك ژن و مندال دەبێ کە لە ترسی گیانی خۆیان پەنایان بۆ شاخ هێنابوو، ئەو ڕۆژە ئەوەی پێی کرا تەنیا ئەوە بوو، کە دەگەیشتە هەر کەسێك قومە ئاوێکی دەدایێ، کاتێ خەریکی بوو چۆڕە ئاوێکی دەکردە قوڕگە ووشك بووەکەی مندالێکەوە، کچێکی جوان و جحێل قاچەکانی توند گرت، بۆ قومە ئاوێك دەپاڕایەوە : (کاکە، کاکە، توخوا قومە ئاوێکم بدەرێ) ، بە دیتنی ئەم دیمەنە بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر ئەم کچە لەبارێکی ئاساییدا با ئەوها خۆی بە قاچەکانیەوە دەنووساند؟، یاخود لە شەرما سەری دادەخست و بە زەردەخەنەیەکی شەرمنانەوە تێ دەپەڕی، دڵنیابوو وای دەکرد ئێستا مردن ناچاری کردووە بۆ قومە ئاوێك بەێ شەرم کردنەوە بکەوێتە سەرچۆك، بەپاڕانەوە داوای ئاو بکات کاتێ مەتارەکەی دایە دەست کچەکە، ئەویش خێرا مەتارەکەی خستە سەر لێوەکانی دەتگوت بەتەمای قوت دانی مەتارەکەیە، دوای خواردنەوەی یەك دوو قوم ئاو پیاوەکە هەستی کرد خەریکە ئاوەکە تەواو دەبێ بۆیە بە خێرایی مەتارەکەی لەدستی دەرهێنا بەبێ ئەوەی تەماشای کچەکە بکات بەڕێکەوت، ئەوەندەی پێنەچوو گەیشتە پیرەژنێك بوو کە پاڵی بە بەردێکەوەنابوو بە چاوی زەقەوە تەماشای پیاوەکەی دەکرد یەکەمجار تێپەڕی بەڵام گەرایەوە تەماشای پیرەژنەکەی کرد سکی پێ سوتا مەتارەکەی بۆ برد پێی گوت: (دایە تێنوت نییە؟) بەڵام پیرەژنەکە وەڵامی نەداوە دەستی خۆی لەسەر شانی پیرەژنەکەدانا و ڕایهەژاند پیرەژنەکە مردبوو، بەبێ ویستی خۆی مەتارەکەی لەتەك لاشەی پیرەژنەکە بەجێهێشت و بەڕێکەوت. هەروا خەریکی بەدواداچوونی بیرەوەریەکانی بوو کە پیرە ئاشەوانەکە سینیەکی لەبەردەمی دانا کە چەند لەتەنانێك و دوو هێلکەی تێدابوو کاتێ چاوی بەزەردێنەی هێلکە کەوت، دیسان دیمەنی دەموچاوی ئاسۆ هاتە بەرچاوی، کە چۆن بە دەستە بچووکەکانی ڕوومەتی لە زەردێنەی هێلکە پاك دەکردەوە قوڕگی پڕ لە گریان بوو، بەرگەی نەگرت، بەپەلە تەمبورەکەی هەڵگرت بەبێ ماڵ ئاوایی کردن چووە دەرەوە، هەرچی پیرە ئاشەوانەکە بانگی کرد بێ سوود بوو، وەك مرۆڤێك هەروا خۆی سپاردە دەست تاریکی شەوو.

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
05/03/2003 12:48

خەریك بوو مانگ هەڵدەهات، پاش ماوەیەك هەناسەی سواربوو، ناچار گەیشتە پیرە دارێك پاڵی بە دارەکەوەنا، نەیدەزانی لەکوێیە، بەرە بەرە مانگ لەودیوی کێوە سەرکەشەکان بەدەردەکەوت، بەجۆرێ کە ئیتر زۆر بەئاسانی دەیتوانی دەوروبەری خۆی ببینێ، هەستی کرد شوێنەکە بۆی بێگانە نییە، ئەو شوێنەی لێی بوو گردێك بوو، ئەو گردەی کە زرۆجار شەوان لەسەری دادەنیشت، تەماشای رووناکی فانۆسی گوندەکانی دەوروبەری دەکرد، لەبەر رووناکی مانگەشەو سەمای بڵێسەی فانۆسەکان و ئاگری شوانان خەریکی تەمبور لێدان دەبوو. زۆرجار کاتی لێدانی تەمبورەکە ئەوەندە سەرمەست دەبوو ئاگای لەخۆی نەدەما، لەم بێ ئاگاییەدا دەچووە گوندێك، بۆیە گوندیەکان پێیان دەگوت شێتە، ئەگەر شێت نەبا کەس بووە لەمزگەوت تەمبور لێبدات، مەگەر مزگەوت شوێنی دەهۆڵ و زوڕنایە. . !! بەڵام ئەمجارە ئاوەدانی لەگۆڕێ نەبوو لەسەرگردەکە دانیشتن بێ ئەنگیزەبوو، بێ مانابوو، چونکە ژیان لە دەوروبەری گرەدەکە مردبوو، بۆیە بەرەو خوارەوەی گردەکە بەرێکەوت تا گەیشتە یەکەم کاولەگوند، کە تەنیا دەنگی کوندەبەبۆ دەهاتە گوێ، ئەو شەوەی لەگەڵ سەگێکدا بەسەربرد، بێزاربوو، شەوق و زەوقی لێدانی تەمبورەکەی نەمابوو، ئەوەی لەهەموو شتێك زیاتر بێزاری کردبوو ناڵە و نوزەی سەگەکەبوو دەتگوت ناڵەی مرۆڤێکی بریندارە، سگی پێ سوتا بەرەو سەگەکە ڕۆیشت، هەوڵیدا بە نەوازشتکردن سەگەکە ئارام کاتەوە، سەگەکە کلکی باداو دەستی کرد بە لێستنەوەی پیلاوەکانی پاش ماوەیەك سەگەکە بێ دەنگ بوو ئەویش لەتەك سەگەکە خەوی لێکەوت، کاتێ لەخەو هەستا ڕۆژهەڵاتبوو، هەستی بە برسیەتی دەکرد، لەشوێنی خۆی هەستا و تەماشای دەوروبەری کرد، سەگەکە چەند هەنگاوێك لەو دوورتر ڕاکشابوو بەبینینی پیاوەکە هەستایە سەرپێ کلکی بادا، کە تەماشای سەگەکەی کرد بەدیتنی سەری سوڕما بڕوای نەدەکرد خۆی بوو هەمان سەگ کە چەند ساڵ لەمەوبەر کەس نەیدەوێرا لەترسی ئەو سەگە بێتە ناو ئەو گوندە، ، سوارەی پیادە دەکرد خۆی دوو سێ جار تووشی سەگەکە ببوو و هەر جارە و بەسەد دەردوبەلا لەدەستی ڕزگاری ببوو، هەستی کرد سەگەکە دەزانێ بیر لەچی دەکاتەوە بۆیە ناڵەیەکی کرد، لەسەر پەنجەکانی دانیشت، بەچاوی پڕ لە نهێنی تەماشای پیاوەکەی دەکرد، پیاوکە دەستی بەسەر سەگەکە داهێنا، پاشان لەناو کاولە گوندەکەدا دەستی کرد بە گەڕان و سوڕان، دەتگوت سەگەکە دەیزانی بەشوێنی چیدا دەگەڕێ، سەگەکە چووە ناو کاولە خانووێکەوە کە کۆمەڵێك نانی ووشکی لێبوو، لەمەودوا سەگەکە ببووە هاو سەفەر و هاودەمی، ئیتر دەردە دڵەکانی بۆ سەگەکە هەڵدەڕشت، لەخەمی عەرزە سووتاوەکەی دەیلاواندەوە و بەدەنگی تەمبوورەکەی بێدەنگی سروشتی دەشکاند و هەبوونی خۆی بۆ دار و بەرد دەسەلماند بۆیە خەڵکی شار دەیانوت هەمیشە لەناو کاولە گوندەکان دەنگی تەمبور دێت، زۆرجاریش گوێیان لەدەنگی گریانی پیاوێك بووە، کە دەیلاواندەوە، ماوەیەکی زۆر درێژ بەژیانە سەگ ئاساییەکەی خۆیدا. تاکو ڕۆژێك چاوی بەدوو ئۆتۆمبێل کەوت کە لەکاولە گوندەکە نزیك دەبوونەوە پێش ئەوەی بگەنە ناو گوندەکە بەپەلە خۆی گەیاندە ناو کاولە خانوویەك لەپەنا دیوارە ڕوخاوەکەی خۆی حەشاردا، ئەوەندەی پێنەچوو کە ئۆتۆمبیلەکان لەنزیك کاولەکە وەستان، بەدزیەوە تەماشای

www.kurdistannet.org
05/03/2003 12:48

ئۆتۆمبیلەکانی دەکرد سەگەکەش خۆی کپ کردبوو ئەویش نەیدەویست کەس بیبینێ کاتێ پیاوەکان لە ئۆتۆمبیلەکان دابەزین هەستی کرد یەکێك لەپیاوەکانی لەشوێنێك بینیوە، کاتێ زیاتر لێی وردبۆوە پیاوەکە هاتە پێشەوە ئەوانی تریش لەدوایەوە وەستابوون، پیاوەکە گوتی: هەزاران گوندی وا کاول کراون، دەبێ ئاوەدان بکرێنەوە، ئیتر دڵنیابوو هەڵەی نەکردبوو پیاوە سمێڵ گەورەکە بوو کە لەگەڵ داردەستەکەی بە پەلکە شفتی و تەماتە و هێلکە پێشوازیان لە ئاسۆ کرد، هەمان پیاو بوو، کە پێدەکەنی و گاڵتەی پێ دەکرد، ئێستا دەیەوێ گوندەکان ئاوەدان بکاتەوە !! چیتر نەیتوانی بەرگەی ئەو دیمەنە بگرێ، بەوپەڕی نائومێدی دەستیکرد بە گریان سەگەکەش وەکو ئەو ناڵەی دەکرد، گوێی لێبوو کە پیاوەکە دەیگوت بابڕۆین، کاتێ ئۆتۆمبێلەکان ڕۆیشتن لەشوێنی خۆی هەستا حالەتی ڕشانەوەی هەبوو سەری دەسوڕا ناچار پاڵی دایە دیوارەکە، پاشان بە نائومێدی لەشوێنی خۆی دانیشێت، ئێوارەبوو، قوڕگی پڕ ببوو لەگریان، چاوەکانی داخست، دەتگوت بەشوێنی شتێکدا دەگەڕێ هەرچی بیری کردەوە هیچی وون نەکردوە تەنانەت خۆی نەبێت، خۆی وونکردبوو، خەریك بوو بە شوێنی خۆیدا دەگەڕا، لەخۆی دەپرسی تۆ کێی؟ بۆ کوێ دەچی؟ چیت کردووە؟.

بەڕاستی ئەم هەموو قوڕبەسەرییە لەپێناوی چی؟ بۆ هاوسەر و کوڕەکەت لەدەستدا؟ لەناو هەراو هۆریای شار بەرەلات کردن بەتەمای کێ؟ خۆشت ڕووت کردە شاخ بەبێ ئەوەی بیر لە ئایندەت بکەیتەوە، بۆ لەماڵی خۆت دانەنیشتی وەکو زۆر کەسانی تر کە وەکو کەو سەری خۆی بخەیتە ژێر بەفرەوە کە زۆر کەسیش وای کرد، دوای لەدەستدانی هاوسەر و کوڕەکەت، تفەنگەکەت بەلایەکەوەناو بەم تەمبورە نوسای. دەستی بە تەموبەرەکەیدا هێنا و چاوەکانی کردەوە.

دونیا سوور هەڵگەڕابوو، زۆر بە ئارامی بەرەوئاوابوون دەچوو، تالەو دیوی چیا سەرکەشەکان بحەسێتەوە، هەستی کرد خۆریش بۆ بێکەسی ئەو دەگریێ، کاتێ خۆرەکە بەتەواوی ئاوابوو ترس و دڵەڕاوکێ هەمووگیانی داگرت، بەجۆرێك خێرا لەشوێنی خۆی هەستا، پاشان بەهەموو هێز و توانایەکەوە هاواری کرد (مەڕۆ، مەڕۆ، جێم مەهێڵە لەتاریکی دەترسێم، ئیتر لەدست ئەم هەموو تاریکییە ماندوو بوومە ماندوو) وەك منداڵێك دەپاڕایەوە، سەگەکەش بەنووزە نووزەوە خۆی خستە بەرپێی، ئەویش دەیناڵاند، لەشوێنی خۆی دانیشت، پڕ بەدڵ دەستی کرد بە گریان و دەردە دڵ کردن لەگەڵ سەگەکە، (مەگەر تۆ لێم تێبیگەی بەسەزمان) ، دیسان دیمەنی پیاوە سمێڵ گەورەکە کەچۆن چۆنی لەشار پێشوازی لەخەڵکی بەسەزمان دەکرد، ئیمڕۆکەش باس لەئاوەدان کردنەوەی گوندەکان دەکات، دوو دیمەنی نەگونجاو بوون بەڕاستی لێی تێکچووبوو نەیدەزانی چی ڕوویداوە بۆیە بەسەگەکەی گوت: لێم تێکچووە، وادەزانی لەکوێی ژیانمدا هەڵەم کردووە، ووتەی پیرەمێردەکەی وەبیرِ هاتەوە بۆیە لەدرێژەی قسەکانی بەسەگەکە دەڵێ قسەی پیرەمێردەکە ڕاستە کە دەڵێ: (لەوڵاتێکدا کە نرخی گوللە زیاترە لەقەڵەم خەڵکەکەی لەمە باشتر نابێ) لەو ساتەدا تەنیا شتێك کە بەمێشکی داهات ئەوە بوو کەدەبوایە بڕوات، بۆ کوێ نەیدەزانی، بەڵام دەیزانی کە دەبێ بڕوات، چونکە مانەوەی ڕەوانییە دەیزانی

www.kurdistannet.org
05/03/2003 12:48

شوێنێك بۆ مانەوە نەماوە، نەیدەزانی دڵ بەچی خۆشكات بە عەرزی سوتاو یا هاوسەر و كوڕەكەی، دەتگوت سەگەكە هەستیبەباری دەروونی كردبوو لەشوێنی خۆی هەڵسا، كەمێك دووركەوتەوە و ئاوڕێكی دایەوە، تەماشای پیاوەكەی كرد، هەستی كرد بەچاوەكانی پێی دەڵێ چاوەڕێی چیتە ناتەوێ بڕۆی ئەوە من ڕۆیشتم، پاش ماوەیەك ئەمە یەكەمجار بوو زەردەخەنەیەك دەهاتەسەر لێوەكانی!!، تەمبورەكەی هەلگرت، لەتاریكی شەودا بەشوێنی سەگەكە كەوت، هەرچی زیاتر دەڕۆیشت حەزو ویستی بۆ ڕۆیشتن زیاتر دەبوو، بەڵام توانای ڕۆیشتنی نەمابوو هەستی كرد قاچەكانی خاوبوونەتەوە وەك دوو لەتە گۆشتی زیادەن بەدوای خۆی ڕادەكێشێت، هەناسەی سوارببوو، نیوەشەو تووشی گۆڕستانێك دەبێ، بێ ویستی خۆی ڕێگەی گۆڕستانی گرتەبەر كە گەیشتە ناو گۆڕستانەكە مانگ تازە هەڵدەهات، لەژێر ڕووناكی مانگەشەو گۆڕستانەكەی ناسیەوە زۆرجار لەگۆڕسانەكەدا دادەنیشت لەژێر ڕووناكی مانگەشەو خەریكی ژەنینی سرودی شۆڕشگێڕی دەبوو، بەڵام ئەم جارە كە چووە ناو گۆڕستانەكە چووە ژێر پیرەدارێك و پاڵیدایەوە و سەگەكەش لەتەكیەوە لەسەر پەنجەكانی دانیشت چاوەكانی داخست، بەزەیی بەسەگەكەدا هاتەوە، هەستی كرد بەدبەختر لەخۆی سەگەكەیە، سەری سەگەكەی لەسەر كۆشی خۆی دانا، دەستی كرد بە نەوازشت كردنی، سەگەكە ناڵەیەكی كرد، چاوەكانی كردەوە پڕبوون لە نائومێدی پیاوەكە لەتورەگەكەی چەند لەتە نانێكی دەرهێنا و لەپێش سەگەكەی دانا سەگەكە بەپەلە نانەكەی خوارد پاشان سەری بەرزكردەوە بەچاوە گەشەكانی تەماشای پیاوەكەی كرد كلكی باداو، دەست و قاچەكانی ڕاكێشاو یەك دوو باوشكەی كرد، لەوكاتەدا گوێ بیستی دەنگی سەگێك بوو كاتێ گوێی لەدەنگی سەگەكە بوو، گوێەكانی قیت كردەوە، عەردەكەی بۆنكرد، تەماشای پیاوەكەی كرد، كلكی بادا، پیاوەكە لەچاوەكانی سەگەكە ووردبووەوە هەستی كرد بەتەمای ڕۆیشتنە، سەگەكە چەند هەنگاوێك دەڕوات دووبارە تەماشای دواوە دەكات، بەچاوی پڕ لە میهرەبانییەوە دەڕوانێتە پیاوەكە، دەتگوت دەیەوێ بەپیاوەكە بڵێت: (بەداخەوە، لێرە بەدواوە ئێمە ڕێگەمان لێك جیادەبێتەوە، هەر هیچ نەبێ من سەگم، تۆش مرۆڤ، ناتوانم پشت لەهاو ڕەگەزەكانی خۆم بكەم) پاشان وەكو گورگ دەستی كرد بەلوراندن و كەوتەڕێ، ئیتر خۆی مابوو لەگەڵ تەمبورەكەی تەماشای ئاسمانی كرد ئاسمان ساف و بێگەردبوو مانگ شەوی چواردە ڕووناكی ئەستێرەكانی كزكردبوو، كپ و بێ دەنگییەكی سەیر باڵی بەسەر گۆڕستانەكەدا كێشابوو، دەتگوت لەوپەڕی بێدەنگیدا مردووەكان چاوەڕوانی دەنگی تەمبورەكەیان دەكرد، لەم بێدەنگییەدا جۆرە ترسێكی لێ نیشتبوو.

تەمبورەكەی هەلگرت بەهەموو هێز و توانای دەستی كرد بەلێدانی بەڵام ئەمجارە سرودی شۆڕشگێڕی نەبوو، دەنگی ناڵەكانی تەمبورەكەی لەگەڵ ناڵەكانی خۆی بێدەنگی شەوەكەی شكاند، پێشتر هەرچی تەمبورلێدانەكەی زیاتر دەخایاند، پتر هەستی بە ئاسوودەیی دەكرد، بەڵام ئەمجارە جیاواز بوو هەرچی ماوەی زیاتر دەبوو زیاتر هەستی بەنائارامی و بێ ئۆقرەیی دەكرد، بەجۆرێ كە هەستی كرد پەنجەكانی هێز و توانایان تیانەماوە، دەستی لە تەمبور لێدان كێشایەوە پاڵی بە دارەكەوەنا و بەوپەڕی نائومێدی

www.kurdistannet.org
05/03/2003 12:48

دەستی کرد بەگریان، وێنەیەکی لەگیرفانی دەرهێنا لەژێر ڕووناکی مانگەشەو ڕایگرت، وێنەی هاوسەر و کوڕەکەی بوو کاتێ تەماشای وێنەکەی کرد لەوپەڕی نائومێدی دووجار سەری خۆی لەدارەکەدا، بەجۆرێك چاوەکانی کەوتنە ڕەشکە و پێشکەکردن، تەمبورەکەی خستە باوەشی برژانگەکەکانی قورس بوون نزیکەی بەرەبەیان چاوەکانی داخست، بەلاّم هەرگیز نەکرانەوە و گەرمای خۆر هەرگیز نەیتوانی گەرماتی ژیانی بۆ ڕوخساری بگەڕێنێتەوە، بەلاّم دەنگی تەمبورەکەی ئێستاش کە ئێستایە لەناو کاولە گوندەکان و دەشت و کێوەکاندا دێتە بەرگوێ. پاش چەند سالّ کاتێك دەنیشتوانی گوندەکان گەڕانەوە، دەستیان کرد بە ئاوەدانکردنەوەی گۆڕستانەکان، کۆمەلّێك ئێسقانیان دۆزیەوە کە تەمبورێکی شکاوی لەتەك دابوو، کۆمەلّێك لەخەلّکەکە گوتیان ئەم ئێسقانە پاشماوەی لاشەی بێ دینەکەیە کەلە مزگەوت تەمبوری دەژەنی، پێیان ڕەوا نەبوو ئێسقانەکانی لەناو گۆڕستانەکەدا بێ، بۆیە ئێسقانەکانیان کۆکردەوەو خستیانە ناو تورەگەیەك پاشان فڕەیان دا ناو ڕووبار و تەمبورەکەش بوو بەئامێری یاریکردنی منداڵان کەس پرسەی بۆ دانەنا، تەنیا مەلای مزگەوتەکە نەبێت ئەویش لە دڵی خۆیدا.

تێبینی کوردستان نێت:
مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەلاّم بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بلاّویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.
ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣